# 9 رۆژ چالاكی لەپێناو بەدەست هینانی پشتیوانی خەڵكی فەرەنسا لەگەڵ خەڵكی عیراق

**لەسەر داوای گرۆپی هاوپشتي لەگەل خەڵكی عیراق (Iraqi Solidarite) رۆژی 5-12 (دەشتي جەمال) ئەندامی كۆمیتە ناوەندی حزبی كۆمۆنیستي كرێكاری عیراق بانگیشت كرا بۆ زنجیرەیەك كۆرو سیمینارو چاوپێكەوتن و دیدار لەگەڵ رێكخراو و یەكیتي كرێكاری و چەپەكانی فەرەنسا ،لەم گەشتەدا بەدەیان رێكخراو كەسایەتی و خەڵكی پێش كەوتخوازی فەرەنسا لە خەباتی كرێكاران و فدراسیۆنی شوراو یەكیتي كرێكارەیەكانی عیراق و بزووتنەوەی یەكسانی خوازی ژنان و قوتابیان و مامۆستایان و رێكخراوی ئازادی عیراق پشتیوانیان كرد .**

## شاری لیل :Lille

لەشاری (Lille) گرۆپی هاوپشتی لەگەل خەڵكی عیراق ،ئێوارە كۆرێكیان بۆ دەشتی جەمال دانا لەسەر ئەوزاعی سیاسی عیراق و بزووتنەوەی كرێكاری. لەم كۆرەدا ژمارەیەكی بەرچاو لەرێكخراو هەڵسوراوانی یەكیتی كرێكاریكانی ئەو شارە و پەنابەران بەشداریان كرد ،كە بەدریژی لەسەر بارودۆخی نائەمنی و پەرەسەندی كیشەو ململانی نیوان هیزە تیرۆریستەكانی ئەمریكاو تاقمە ئیسلامی یەكان كە خەڵكی عیراقی لەگەل قولترین و كارەساتبارترین بارودۆخی ناهەمواردا رووبەرووكردوەتەوە قسەو باس پێش كەش كرا ،هەروەها لەسەر سیناریووی گالتەجارانەی هەڵبژاردن و حكومەتی دەسكەلای ئەمریكا كە هیچ ئاسۆوئۆمیدێكی رزگاری خەڵكی عیراقیان پیٚ نی یە باس كرا ،لەم نیوەدا لەسەر هیزی سیٚ یەم هیزی كرێكاران و ژنان و خەڵكی ئازادی خوازی عیراق كە دەیەویت كۆمەڵگا لەمەینەتە دەربهینیٚ ،هەروەها باس لە خۆرێكخستنی كرێكاران لە فدراسیۆنی شوراو یەكیتی كرێكاریەكانی عیراق و ژنان لە رێكخراوی ئازادی ژن لەپێناو مافە یەكسانی خوازەكانی ژنان ،و رێكخراوی ئازادی عیراق وەك تاقە رێكخراوی دیمكراتی و سەربەخۆ كە هەوڵی گیرانەوەی مەدەنیت و ئەمنیت و دامەزراندی حكومەتێكی غەیەرەقەومی غەیرە دینی دەدات لەعیراق دا كۆمەڵگا لەچنگی داگیركاری ئەمریكا و ئیسلامی سیاسی رزگار دەكات .





شایەنی باسە بەشداربوان كەوتنە پرسیار و وەلام ئەدرەس وەرگرتن و ئامادەی بوون بە ئەندام لەرێكخراوی كۆنگرەی ئازادی عیراق، ئەم كۆرە ماوەی 4 كات ژمیری خایاند و لەنیو ئەوپەری پشتیوانی و پشوازی گەرمی بەشداربواندا كۆتای هات.

پاریس:

گەشتەكە بەرو شاری پاریس بەریٚ كەوت (،دەشتی جەمال) و( نیكۆلا و ئۆلیڤەر) لە گروپی هاوپشتی لەگەل عیراق چاوی یان كەوت بە بەرپرسی نیو نەتەوەی لە یەكیتی كرێكاری هاتووچوو لە پاریس ، لەم دیدارەدا دەشتی جەمال ویرای ئەوەی سپاس گوزاری لە یەكیتی كرێكاری هاتوو چوو كرد كە چەندین هەواڵ و چالاكی یەكانی فدراسیۆنی شوراو یەكیتی كرێكاریەكانی عیراق و رێكخراوی یەكیتی بێكارانیان لەنیو ڤولتنەكانی خۆیان دا بلاٚو كردوتەوە ،هاوكات بەدریژی لەسەر بزووتنەوەی كرێكاری لەعیراق دا بەتايبەت دوای رووخانی رژیمی بەعس و خۆرێكخستنی كرێكاران لە رێكخراوی یەكیتی بیكاران و شوراو یەكیتی كرێكاریەكان و خەبات و نارەزایەتی و خۆپشاندان چالاكی یەكانی ئەم رێكخراوانەوە و ە كۆنفرانسی بەغدا و بەسرو ئاكامە سیاسەیەكانی ئەم كۆنفرانسانە لە دەوری كرێكاران لە ئایندەی سیاسی عیراق و قانوون كارێكی سكولار كە لەلایەن كرێكاران خۆیانەوە دەنگی پیٚ دراوە تا دەوری ژنان لەیەكیتی كرێكاریەكانی عیراق و هەروەها دەوری فدرسیۆن بۆ كۆتای هینان بەسیناریووی رەش و گیرانەوەی مەدەنیت و كۆتای هینان بەداگیركاری ئەمریكاو ئیسلامی سیاسی ، ،پاشان لەسەر هاوكاری و پێویستی پشتیوانی و دامەزراندنی پەیوەندیەكی هاوخەباتانە بەكرێكارانی عیراق و (FWCUI) ولەدەورەیەكی چارەنووس سازی ئیستای عیراقدا قسەوباس گورایەوە وە بەلینیان دا ،سكرتێری فدراسیۆنی شوراو یەكیتی كرێكاریەكانی عیراق (فەلاح علوان ) بۆ كۆنگرەی یەكیتی

کرێکاریەکانی ئەفریقا دەعوەت بکەن ،هەواڵی یەکیتی کرێکاریەکانی عیراق لەنیو رۆژنامەو ئەدەبیاتەکانی یەکتی کرێکاریەکانی فەرەنسا بڵاو بکەنەوە ،کۆبوونەوە دابنێن لەگەل هەڵسوراوانی کرێکاری لەعیراق و لیستی پیداویستیەکانی ئیستای فدراسیۆنی شورا و یەکیتی کرێکاریەکانی عیراق وەلام بدەنەوەو پەیوەندیەکی هاوچارەنووسسازانە دابمەزرێنن و پشتیوانی لە کرێکارانی عیراق بخەنە نیو ئەجندەی یەکیتی کرێکاری هاتووچووە .



رۆژی دوایی( دەشتی جەمال ،نیکولا ،ئۆلیڤەر ) چاویان کەوت بە دەستەی بالای یەکیتی قوتابیان لە زانکۆی پاریس ،لەم دیدارەدا سەرەتا دەشتی جەمال لەسەر خۆرێکخستنی قوتابیانی زانکۆکانی سلیمانی و هەولێرو بەغداو بەسرەو نارەزایەتێکانیان بەرووی دەسەلات داران دژ بە گەندەڵی ئیدارەی دەسەلاتداران لەکوردستان و داواکاری گۆرینی سیستەمی پەروەدەو فیرکردن و دژ بە کردنەوەی زانکۆی ئەهلی کە لەم پێناوەدا مانگرتن و ریپیوانی جۆراجۆریان سازداوە و لەلایەن دەسەلاتدارانەوە بەتەقەکردن و بریندارکردنی قوتابیان تا کۆشتنی قوتابی زانکۆی بەسرەو وەلام دراوەتەوە ، و هیرشی گرۆپی سەدەر ئەم دوایی یانە باسکرا بۆ سەر مافە ئازادی و مەدەنی یەکانی قوتابیانی زانکۆی بەسرە لە پارکی ئەندەلوس کە قوتابیان مانگەتنیان بەرێ خستوە خۆیان رێکخستوە و داواکاری و جیای دین لەدەولەت یان خستۆتە دەستورەوە پێویستیان بە و دامەزراندنی پەیوەندیەکی توندو تۆڵە لەگەل یەکیتی قوتابیانی سەربەخۆی فەرەنسا.

دوای چەندین پرسیارو وەلام یەکیتی قوتابیانی زانکۆی پاریس بریاری هاوکاری و پشتیوانی تەواو لەخەبات و نارەزایەتی و خواستەکانی قوتابیانی زانکۆی سلیمانی و هەولێرو بەسرەیان دەر برێ وبریاریان دا نامەی پشتیوانی ئاراستەی قوتابیانی زانکۆکانی عیراق بکرێ و پەیگری بەردەوم لەکارو چالاکی و هەڵسورانەکانی قوتابیان بکەن و هەولەکانی ئەو نارەزایەتیانە بلاو بکەنەوە و کۆمیتەیەك پێك بهینن لەزانکۆی پاریس بۆ پشتیوانی لەگەل قوتابیانی زانکۆکانی عیراق .

هەمان رۆژ دەشتی جەمال چاوی کەوت بە رێکخراوێکی چەپی فەرەنسا دوایی بیرورا گۆرینەوە لەسەر ئەوزاعی سیاسی عیراق و کوردستان و مەسەلەی داگیر کاری عیراق لەلایەن ئەمریکاو میلیتاریزەکردنی کۆمەڵگای عیراق و نائەمنی و هەرەشەی تەقینەوەی ململانی قەومی و مەزهەبی لەعیراقدا و دەوری ئیسلامی سیاسی لەپێناو گەیشتن بەدەسەلاتدا ...... و بەدیلی هیزی سێ یەم بەرەی ئازادی خوازی بە دەرکیشانی کۆمەڵگای عیراق لە شەری تیرۆریستان و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئازاد و سکولارو و پێش کەوتخواز .. پاش قسەو باس رێکخراوی ناوبراو بریاریان دا بەردەوام پشتیوانی لەخەباتی کرێکاران و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق و رێکخراوی ئازادی عیراق و رێکخراوی ژنان بکەن و هەواڵی چالاکی و هەڵسورانەکانیان لەنیو رۆژنامەکانی خۆیاندا بڵاو بکەنەوە.



پاشان هەر لە پاریس دەشتی جەمال چاوی کەوت بە ژمارەیەکی بەرچاو لە پەنابەرانی کوردی عیراق کە لەبارودخێکی سەخت و دژواردا لەژیر سایەی سیاسەتی دژی پەنابەری دەولەتی فەرەنسا لەنیو شەقام و پارکەکانی ئەو شارەدا ژیان بەسەر دەبەن ،دەشتی جەمال سەرباری ئەوپەری پشتیوانی و بەرگری لەمافەانسانی یەکانی پەنابەران ،لەسەر وەزعیتی سیاسی عیراق وکوردستان و کیشەی پەنابەری قسەو باسی کرد و ئەو رێگایانەی کە دەتوانێ پەنابەران بە خواستە ئینسانی یەکانی خۆیان بگەیەنێ رۆشن کردەوە و لەسەر پێویستی خۆرێکخستنی پەنابەران و پێك هینانی رێکخراوەیەك قسەو باسی کرد و ئەوپەری هاوکاری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق و فدراسیۆنی پەنابەران بە پەنابەران راگەیاند،و پەنابەران لەقسەو باسەکان پشتگیریان کرد و کەوتنە پرسیار و ئەدرەس و ژمارە تەلەفون وەرگرتنی ریکخستنەکانی حزب و فدراسیۆن لەبەریتانیا و وولاتەکانی تری ئەورپا .

ئێوارەی هەمان رۆژ ڤیستیڤاڵیکی گەورە لەلایەن گروپی هاوپشتی عیراق و رێکخراوەیەکی بەرگری لەپەنابەران لە پاریس بەرێخرا ،سەرەتا بەپێش کەشکردنی فلیم لەسەر وەزعیتی پەنابەران لەفەرەنسا لێدرا پاشان مولەت درا قسەو باس بکرێ لەم بەشەدا دەشتی جەمال قسەوباس پیش کەشکرد لەسەر ئەوزاعی پەنابەرانی عیراقی لەدەرەوەی وولات و دەوری وولاتانی ئەورپا لە دژایەتی کردنی پەنابەران و راگرتنی پەنابەرانی کوردو عیراقی لە چاوەروانی و هەرەشەی گەرانەوەدا بە ئیدعای (ئەمن بوونی عیراق) و رای گەیان پەنابەران ئەمرۆ قوربانی نەزمی نۆی جیهانی و سیاسەتی شەرخوازانەی ئەمریکان و پەنابەرانی عیراق و کورد مافی خۆیانە لە مافی پەنابەری بەهرەمەندبن و لەسەر ئەو کارو چالاکیانەی کە فدراسیۆن سەرتاسەری پەنابەرانی عیراق ئەنجامی داوە قسەوباسی کرد و کە نزیك بە 100 پەنابەری کوردی عیراقی لە بۆنەیەدا بەشداریان کرد.



هاوکات بەشی دووەم چالاکیکانی فیستیڤال ليدانی فليم بوو لەسەر عيراق لەژير داگيرکاری ئەمريکا دا، پاشان ئێوارە کۆرێك بۆ دەشتی جەمال و دووان لەرێکخراوەیەکی بەرگری لەمافەکانی پەنابەران لە فەرەنسا دانرا ،و لەم بەشەدا دەشتی جەمال بەدرێژی ئەوزاعی سیاسی عیراق و نەزمی نۆی جیهانی ئەمریکاو قوربانی خەڵکی عیراق لەنێو مسابەقەی تیرۆریستی ئەمریکاو ئیسلامی سیاسی و دەوری رێکخراوە رادیکال و پێش کەوتخوازو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق و رێکخراوی ئازادی عیراق لە تقویەتی جەبهەیەکی بەرفراوانی انسانی و ئازادی خوازی لەعیراقدا و گرنگی هاوپشتی لەگەل ئەو جەبهەیەدا باس کرد .

ئامادەبووان کەوتنە پرسیار کردن لەسەر چۆنیتی هاوکاری و هاوپشتی لەم بەرە ئینسانی یەی کە لەعیراقدا بەرێ کەوتووە و بەتایبەتی کۆنگرەی ئازادی عیراق لەپێناو ئازادی و ئەمنیت و سکولاریزم لە عیراق دا و چونیتی هاوکاری کردنیان بەم رێکخراوانە کە چەند رێکخراو کەسایەتی ئەوپەری پشتیوانی خۆیان راگەیاند و ئامادەی ئەندامەتی خۆیان لە گروپی هاوپشتی عیراق و کۆنگرەی ئازادی عیراق دەربری ، شەوەکەی بەموسیقاو گورانی لەگەل هاوپشتی لەگەل خەڵکی عیراق کۆتای هات.

## شاری **Moulins**:



لەم شارەدا لەلایەن یەکیتی مامۆستایانەوە پیشوازی لەدەشتی جەمال کرا ،هەمان رۆژ لەخۆپیشاندانی یەکیتی کرێکاری (cgt) بەدژی پەیرەوی ناوخۆی یەکیتی ئەوروپا بەشداری کرد ، خۆپیشاندەران ئەوپەری خۆشحالی خۆیان دەربری لەبەشداری و پشتیوانی فدراسیۆنی شوراو یەکیتی کرێکاریەکانی عیراق لەگەلیاندا ،هەمان رۆژ رۆژنامە ناخۆیەکانی ئەو شارە چاوپێکەوتنیان لەگەل دەشتی جەمال ئەنجام دا.

ئێوارەی هەمان رۆژ لەلایەن یەکیتی مامۆستایانەوە کۆبوونەوەیەکی جەماوەری دانرا کە نزیك بە100کەس بەشداری کرد و زۆربەیان هەڵسوراوانی یەکیتی کرێکاری بیکاران و مامۆستایان و پۆست بوون، دەشتی جەمال بەنیشان دانی وێنەوە باسی لە خەباتی نەبراوەی کرێکاران و ژنان و یەکیتی کرێکاریەکانی عیراق کرد کە لەژیر پەرچەمی فدراسیۆندا چۆن خۆیان رێك خستوە ،هاوکات لەسەر راوەستاوی بەرەی ئینسانی و پێش کەوتخوازی عیراق بۆ شکست کیشانی هەردوو جەمسەری تیرۆریستی ئەمریکاو ئیسلامی سیاسی و پێویستی بەشەریەتی موتەمەدینی وپێشکەتخوازی فەرەنسا لەپشتی ئەو بەرەیەی ئەمرۆ لەمەیداندا بۆ ئازادی و سکولاریزم داواکرد پشتیوانی بکەن .هاوکات لەسەر چالاکی و خۆپیشاندانەکانی یەکیتی بیکاران بۆ داوای( کار یان بیمەی بیکاری) وخواستەکانی ژنان دژ بەهینانی قانونی شەریعەتی ئیسلامی و گرنگی بوون بەئەندام و هاوکاری رێکخراوی ئازادی عیراق قسەو باسی کرد .




ئامادەبووان بە پرسیارو وەلام بەشداریان کرد دوای چەند کات ژمیر لەسەر داوای ئامادەبووان دووبارە لەپارکیکدا لەسەر بیناکردنی پەیوەندیەکی راستەخۆ بە یەکیتی کرێکاریەکانی عیراق و رێکخراوی کۆنگرەی ئازادی عیراق قسەو باس کرا و بریاریان دا ،داوای کۆمەکی مالی لە ئەندامانی یەکیتی کرێکاریەکانی مامۆستایان و پۆست و بیکاران و...کۆبکریتەوە ، و کرینی کۆمپیتەرو پیداویستیەکانی تریان خستە بەرنامەی خۆیانەوە و هەروەها هەوالەکانی خەبات و نارەزایەتی یەکانی یەکیتی کرێکاریەکانی عیراق بۆ کۆتای بەداگیر کاری و دەست کۆتاکردنی ئیسلامی سیاسی بلاو بکەنەوەو لە گۆڤارو رۆژنامەکانی خۆیان ،هاوکات ئامادەییان نیشان دا بۆ بوون بەئەندام لە کۆنگرەی ئازادی عیراق و ژمارەیەکیان ئەندامەتیان لە گروپی هاوپشتی لەگەل عیراق راگەیاند.

## شاری لیۆن Lyon:



لەم شارەدا لەلایەن هەڵسوراوانی گروپی پشتیوانی لەگەل خەڵکی عیراق پیشوازی لە دەشتی جەمال کرا ،کۆبوونەوەیەکی جەماوەری دانرا کە بەدریژی لەسەر ئەوزاعی سیاسی عیراق و کوردستان قسەو باس کرا و چەندین کەس ئەندامەتی خۆیان لە م گروپە راگەیاند و لەهەوڵی بەردەوامن بۆ تەرجەمەکردنی باسەکانی هاوریێ ئازیزمان منسوری حکمەتن و ەچەندین ووتارو مقالەو بابەتی جۆراجۆری هاوریێ منسور و چالاکی و نارەزایەتی یەکانی فدراسیۆنی شوراو یەکیتی کرێکاریەکانی عیراق و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق و رێکخراوی ئازادی ژن تەرجەمە کردوە لەنیو زانکۆو قوتابخانەو یەکیتی کرێکاریەکاندا بلاۆکراوەتەوە.

## شاری Grenoble:




هەڵسوراوانی گروپی پشتیوانی لەگەل خەڵکی عیراق لە گەورەترین زانکۆی ئەو شارە کۆبوونەوەیان بۆ دەشتی جەمال سازدا تا لەسەر وەزعیتی زانکۆکانی عیراق وکوردستان و سیستەمی پەروەردەو خۆیندن لەعیراقدا قسەو باس پێشکەش بکات ، لەم کۆبوونەوەیەدا باس لە خۆریکخستنی قوتابیانی زانکۆی سلیمانی و هەولیرو بەسرەو بەغدا و بەتایبەتی قوتابیانی کۆلیژی پزیشکی و پزیشکی ددان و ئەندازیاری و یاسا ...وەستانەوەیان بەرامبەر بەدەسەلاتداران و مانگرتن و خواستەکانی قوتابیان بەرامبەر بە گەندەلی ئیداری و گۆرینی سیستەمی پەروەردەو وخواستی جیای دین لەدەولەت و سەربەخۆی رێکخراوەی قوتابیان کەلەنارەزایەتێکانی قوتابیانی بەسرە بەدەستەوەگیرا ، هاوکات باسی لە پێویستی هاوپشتی وهاوکاری لەگەل قوتابیانی زانکۆکانی عیراقدا کرد.، هەروەها لەسەر ژیانی قوتابیان لەژیر سایەی داگیرکاری ئەمریکاو دەوری ئیسلامی سیاسی و ململانی یەکانی نیوانیان و دەوری هیزی سێیەم بۆ رزگاری کۆمەڵگای عیراق لێدوانی کرد، وینەکانی نارەزایەتی مامۆستایان و قوتابیانی نیشان دا.

لەم کۆبوونەوەیەدا ژمارەیەك قوتابی ئەندامەتی خۆیان لە گروپی هاوپشتی لەگەل خەڵکی عیراق دەربری و بەردەوام هەوالەکانی قوتابیان لە بلاوکراوەکانی خۆیان بلاّو دەکەنەوە.

نیوەرۆی هەمان رۆژ چاوپێکەوتنی راستەخۆ لەگەل دەشتی جەمال لە دەزگاکانی راگەیاندنی ئەو شارە ئەنجام درا لەسەر داگیرکاری ئەمریکاو دەوری ئیسلامی سیاسی و شوراکانی 1991 لەکوردستان بزووتنەوەی ژنان پرسیاری لێکرا.



وە ئێوارەی هەمان رۆژ کۆبوونەوەیەکی جەماوەری لەسەر عیراق لەژیر سایەی داگیر کاری ئەمریکاو وکیش مەکیش هەردووبەرەی تیرۆریستی ئیسلامی سیاسی وئەمریکاو ودەوری گروپە ئیسلامی یەکان لە تیروکۆشتن و تەقاندنەوە و بیکاری و تیکدانی کۆمەڵگای مەدەنی عیراق و،هاوکات باسی لەوە کرد کە سەرکەوتنی هەریەك لەم بەرانە تاسیری بۆ سەر هاوکیشە سیاسی جیهان دەبیێ و سەرکەوتنی بەرەی ئازادی خوازی و چەپ و کۆمۆنیستیش لەعیراقدا بەقازانجی سۆشیالیزم و ئازادی خوازی جیهانە وە لەباسەکاندا لەسەر پێویستی دامەزراندنی تۆرێکی پشتیوانی لەگەل بزووتنەوی کرێکاری عیراق و ژنان و قوتابیان و مامۆستایان و بەرگری لە رێکخراوی کۆنگرەی ئازادی عیراق بۆ

ئامادەبوان روون کردەوە،بریار درا سیدیەك ئامادەبکرێ بۆ هاوپشتی لەگەل خەڵکی عیراق ،بەردەوام هەوڵ و چالاکی یەکانی ئەو رێکخراوە رادیکالانە ترجەمە بکرێ بە فەرەنسی و لەهەوڵی هینانی پشتیوانی مالی بن .

**شاری Besancon:**



لەم شارەدا لەلایەن هەڵسوراوانی یەکیتی کرێکاری CNT ,FSU ,SUD پیشوازی لەدەشتی جەمال کرا وە هەمان رۆژ چاوپێکەوتن لەگەل رۆژنامەوە و رادیوەکانی ئەو شارە ئەنجام درا لەسەر وەزعیتی سیاسی عیراق و کوردستان و بەدیلی کرێکاری و سوشیالستی و مەسەلەی ژنان وکرێکاران لەعیراقدا ،.

رۆژنامەکانی ئەو لایەنانە ( لۆکۆمبۆ سەندیکالیست) کە لەئاستی فەرەنسا بلاو دەبیتەوە وە لەنیو کرێکارانی بیناسازی و خستەخانەوە و کرێکارانی سینەماو و مامۆستایان هەواڵەکانی کرێکاران و ژنان ورێکخراوە جەماوەریەکان بلاو بکەنەوە.

ئێوارەی هەمان رۆژ کۆبوونەوەیەکی گشتی دانرا لەگەل هەڵسوراوانی یەکیتی کرێکاری و چەپەکان ،دوای قسەوباسەکانی دەشتی جەمال بریاریان دا کۆمیتەیەك پێك بهینن بۆ پشتیوانی لەگەل جەبهەی علمانی و ئازادی خوازی عیراق و یەکیتی کرێکاریەکانی عیراق ..،شەوی هاوپشتی دابنیین کۆمەکی مالی و معنەوەی کۆبکەنەوە ..لەنیو رۆژنامەکانی خۆیاندا بلاوکراوەو و نوسینەکانی منسوری حکمەت و چالاکی یەکانی فدراسیۆنی شوراو یەکیتی کرێکاریەکانی عیراق و رێکخراوی ئازادی ژن و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق و رێکخراوی کۆنگرەی ئازادی عیراق تەرجەمە بکەن بەزمانی فەرەنسی و بلاوی بکەنەوە ..چەندین هەڵسوراو ئەندامەتی خۆیان بۆ ئەو کۆمیتەیە راگەیاند و بریار درا سپانسور بگرن بۆ هینانی کۆمەکی مالی.



